# هەڵبژاردنی خوێندنگا

هەموو منداڵ لە ئێسکیلستونا (Eskilstuna) لە یەکێک لە پۆلی پێش خوێندنگاکانی شارەوانی ئێمە شوێن وەردەگرن لە کاتی تەمەنی شەش ساڵە.
ئەو خوێندنگا تەرخان کراوە لە نێزیکیی خانووبەرەی منداڵەکەیە. لە ماوەی تەواوی کاتی خوێندنگای سەرەتای شارەوانیەکە شوێنێکی تەرخان کراویان هەیە بۆ منداڵەکەت.

لە ماوەی کاتی خوێندنگای سەرەتای منداڵەکەت ئەتۆ هەمیشە مافی داوا کردنی شوێنت هەیە لە خوێندنگایەکەی دیکەی شارە وانی یان بۆ یەکێک لە خوێندنگا ئازادەکان. وەرگرتن لە ئەو خوێندنگایەی کە داوای دەکەیت بە پێی هەبوونی شوێن دەکرێت.

ئایا منداڵەکەی ئەتۆ دەست بە پۆلی پێش خوێندنگا دەکات؟
ماوەی هەڵبژاردنی خوێندنگا لە بەرواری ١ی مانگی ١١ تا ١٥ی مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠١٧. ئەتۆ هەڵبژاردنی خۆت لە ماڵپەڕی eskilstuna.se/skolval دەکەیت. ئەگەر بۆ منداڵەکەت شوێن هەڵ نەبژێریت لە پۆلی پێش خوێندنگا، منداڵەکەت لە خوێندنگای تەرخان کراو دادەنیەن. سەرنج بەوە بدەن کە هەر دوو سەپەرشت دەبێت بڕۆنە نێو ماڵپەڕی خزمەتگوزاری ئەلەکترۆنیکیی بە پێناسنامەی ئەلەکترۆنیکیی.

**داوای شوێن لە بنکەی چالاکیی کاتی ئازاد بکە**
شوێنی منداڵەکەی ئەتۆ لە باخچەی منداڵەکە کۆتای دێت لە بەرواری ٣٠ی مانگی شەشەوە. ئەگەر منداڵەکەی ئەتۆ پێویستی بە پەرستیارییە لە ماوەی هاوینەکە دەتوانیت داوای شوێن بکەیت لە بنکەی چالاکیی کاتی ئازاد لە بەرواری ١ی مانگی حەفتە وە، دەنا لە کاتی دەست پێکردنی خوێندنگا داوای شوێن دەکەیت. داوا کردنی شوێن لە ماڵپەری eskilstuna.se/skolval دە کەیت

**بەم شێوە شوێنەکان دابەش دەکەن لە خوێندنگاکان**
بەر لە هەر شتێك شوێن بە ئەو منداڵان دەدرێت کە سەر بە ناوچەی وەرگرتنی خوێندنگاکەن. لە هەندێک دۆخ ئەوە بە مانای ئەوەیە کە خوێندنگاکە پڕ دەبێت و هەموو قوتابیەکان شوێن وەرناگرن. ئەو شوێنانەی کە ماوەتەوە دابەش دەکرێن بە پێی:

- ڕێژەیی نێزیکیی*
- مافی پێشسەرەیی خوشکوبرا
- شانسدان

**وەڵامی وەرگرتن**
لە ماوەی تەرمیی بەهار لە لایەن ئەو خوێندنگای شارەوانیە کە داوای شوێنت کردوە وەڵام وەردەگریت کە ئەگەر منداڵەکەت شوێنی وەرگرتووە. ئەگەر منداڵەکەت لە خوێندنگایەکی دیکە شوێن وەرگرێت تا ئەو خوێندنگا تەرخانکراوە، منداڵەکەت هە میشە مافی گۆڕینەوەی هەیە بۆ خوێندنگا تەرخانکراوەکە. ئەتۆ ئەو کاتە داوایەکەی گۆڕینەوە ڕادەست دەکەیت لە ماڵپەڕی eskilstuna.se/skolval.

ئەگەر پرسیاری دیکەت هەیە دەبێت پێوەندی بکەیت بە خوێندنگای منداڵەکەت. ئەگەر پێویستتان بە یارمەتییە لە خزمە تگوزارییە ئەلەکترۆنیکییەکە دەتوانن پۆستی ئەلەکترۆنیکی بنێرن بۆ skolval@eskilstuna.se یان تەلەفۆن بکەن بۆ ئێسکیلستوونا(Eskilstuna) ڕاستەوخۆ بە ژمارە تەلەفۆنی ۰۰ ۱۰ ۷۱۰ - ۰۱۶، هەڵبژاردنی دوگمەی ۲. دواتر هە ڵبژاردنی خوێندنگا (Skolval) هەڵبژێرە.

**ئایا منداڵەکەی ئەتۆ دەیەوێت بڕواتە پۆلی مۆسیقا؟**

پۆلی مۆسیقا هەیە لە خوێندنگای یوورگۆردەن (Djurgårdsskolan) و خوێندنگای ستولفۆرش (Stålforsskolan). ناردنی داخوازینامە بۆ پۆلەکانی مۆسیقا لە ماڵپەڕیی eskilstuna.se/skolval دەکرێت لە بەرواری ۱ی مانگی ۱۱ تا ۱۵ی مانگی ۱۲.

**تاقیکردنەوەی وەرگرتن بۆ پۆلی مۆسیقا**

منداڵ کە داوای پۆلی مۆسیقا دەکەن بانگهێشتن دەکرێن بۆ تاقیکردنەوەی وەرگرتن. پاش تاقیکردنەوەکە خوێندنگا وڵام دەدات کە ئەگەر منداڵەکەی ئەتۆ وەرگیراوە یان نە. ئەگەر منداڵەکەی ئەتۆ وەرنەگیرێت لە پۆلی مۆسیقا ئەو شوێنی خۆی ماوەتەوە لە خوێندنگای تەرخانکراو یان بژاردەی دەست دووەمی تاقی دەکرێتەوە.

**هەڵبژاردنی خوێندنگای ئازاد**

خوێندنگاکانی ئازاد فۆرمی داخوازینامەی خۆیان هەیە و بۆ خۆیان پرۆسەی وەرگرتن بەڕێوە دەبەن. بۆ ئەوەی بتوانین کاروباری خوێندنگاکانی شارەوانی پلاندانان بکەین ئێمە سوپاسگوزارین کە قوتابی کە داوای خوێندنگای سەربەخۆ دەکەن هەڵبژاردنی خوێندنگا هەروەها لە ڕێگای خزمەتگوزاریی ئەلەکترۆنیکیی پڕ بکەنەوە. بەو شێوە خوێندنگای شارەوانی ئاگادار دەبێتەوە.

**ئایا منداڵەکەی ئەتۆ زمانێکی دیکەی دایکی هەیە تا زمانی سویدی؟**

ئەو کاتە منداڵەکەی ئێوە لەوانەیە مافی پشتگیری زمانی دایکی هەبێت لە پۆلی پێش خوێندنگا یان دەرس دان بە زمانی دایکی لە خوێندنگای سەرەتایی. لە ماڵپەڕی eskilstuna.se/modersmal دەتوانن زیاتر بخوێنەوە دەربارەی دەرفەتی گەشپێدانی زمانی دایکی خۆی لە کاتی خوێندنگا و لەوێ ئێوە هەروەها دەتوانن لە خزمەتگوزاری ئەلەکترۆنیکی داوای خۆتان بدەن بۆ دەرس بە زمانی دایکی.

*نێزیکیی ڕێژەیی بە مەبەستی دووری بەینی ماڵی قوتابیەکە (ئەدرەسی تۆمارکراو لە دامی تۆمارکردنی دانیشتووان) و خوێندنگایە. ئەوە بە مانای ئەوەیە کە ئەگەر سەپەرشتی قوتابی ئا و بی داوای هەمان خوێندنگایان کردوە و تەنیا دەتوانن شوێن بە یەک منداڵ بدەن، ئەو کات ئەو منداڵە پێشتریەتی هەیە کە درێژترین ڕێگای خوێندنگای هەیە بۆ باقی خوێندنگاکان.